جامی پاریس. جۆکۆڤیچ سەرکەوتنی بەدەستهێنا

لە جامی پاریس نۆڤاک جۆکۆڤیچ بە دوو کەمەی بەبەرامبەر لە تەماس مارتنی بردەوە و میدڤیدیف بە دیمیترۆڤ دەڵا.

لە قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی پاریس نۆڤاک جۆکۆڤیچ سەبی رووبەرویی تەماس مارتینی یچەڤری ئەرجەنتینی بوویەوە و یاریەکەشی بە ئاسانی و بە دوو کەمەی بەبەرامبەر بردەوە کە خاڵی کەمەکانی شەش بە سە و شەش بە دوو بوو ، یاریزانە سەبیەکە لە ماوەی تەنها یەک کاتژمێر 25 خولەک یاریەکەی لە بەرژەوەندی خۆی کۆتای پێهێنا.

لە یاریەکی تردا دانییەل میدڤیدیف روسی رووبەرووی گریگۆر دیمیترۆڤی بولگاری بوویەوە ، یاریەکەشی بە دوو کەمە بەرامبەر یەک کەمە دەڵاند .

کەمەی یەکەم لە بەرژەوەندی گریگۆر بوو، کە بە شەش بە سە کۆتای هات و لە کەمەی دووەم میدڤیدیف حەوت بە شەش بردیەوە بەڵام لە کەمەی سێیەم یەکلاکەرەوە گریگۆر بە حەوت بە شەش یاریەکە بردەوە لە ماوەی دوو کاتژمیر و56 خولەک.

لە درێژەی یاریەکانی جامی پاریس ، ستیفانۆس تسیتیسباسی یۆنانی بە دوو کەمەی بەبەرامبەر لە فیلیکس ئۆگیری کۆندی بردەوە و خۆی گەیاندە قۆناغی داهاتووی پاڵەوانێتیکە.